# دیموکراسی: ووشە، بەرد، گوللە!

سەردار عەزیز

ئەوەی لە کەلار روویدا رووداوێک بوو. رووداو بە پێناسە دۆلۆزیەکەی ئەو چالاکیەیە کە بەشی ئەکچوال و بەشی ڤێرچوالی هەیە. بەشی ئەکچوالی ئەوەی روویدا ئەو پێکدادانەبوو کە رۆژی 9/7 روویدا، بەلام بەشی ڤێرچواڵی ئەو هەستەیە کە پێش رووداوەکە دروست ببو، وە ئەو کاریگەریەی کە رووداوەکە جێیئەهێڵی. لێرەدا چەند پرسیارێک دروست ئەبێت، بۆچی گەشتینە ساتەوەختی رووداں؟ چۆن بتوانین لەو رووداوە بگەین؟

دیموکراسی هیچ نەبێ وەک چەمکێک ئامادەیی هەیە لە کوردوستان. بگرە لە هەموو شتێک زیاتر دەوترێتەوە. بۆیە ئەتوانین بڵێین هیچ نەبێ بە ئامادەبوونی بیرۆکەی دیموکراسی پێکدادانی نا دیموکراسیانە روویدا. رەنگە پێناسە و تێگەشتنی زۆر هەبێت بۆ دیموکراسی بەلام لێرەدا بۆ مەبەستێکی تایبەت دەتوانین بڵێین: دیموکراسی هەوڵدانە بۆ گەشتن بە چارەسەری کێشەکان لە رێی ووشەوە. بەلام بۆ ئەوەی ووشە بتوانێ رۆڵێکی وەها بگێرێ، دەبێ زەمینەیەک لەبارکرابێت. دەبێ ئەو لایەنەی کە داخوازی هەیە لە ئاستێکدا بێت بتوانێ داواکاریەکانی لە رێی ووشەوە دەربرێ، بۆ ئەمە تەنها دروشم بەس نیە، بەڵکو دەبێ خیتابێک (دیسکۆرس) بەرهەم بهێنرێت. چونکە دروشم بۆ ئەوە نادرێ بە گوێی ئەویترا تا وەلام بداتەوە بەڵکو بۆ ئەوە ئەوترێ ئەویتر جێبەجێیکات، کەواتە دروشم دایەلۆگ بەرهەم ناهێنێ. لە لایەکی ترەوە دەبێ لایەنی بەرامبەر لە ئاستێکابێت بتوانێ گوێ بگرێ، دایەلۆگ بەرهەم بهێنێت.

لە رێی ئەم دایەلۆگەوە داواکاریەکان، خواستەکان، نیازەکان، ئاشکرائەکرێن. لێرەوە ململانێ دروست دەبێ بەلام لە شێوازی مەدەنیدا. ئەمە وا ئەکات دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ هەردەم جمک بن. وەک پۆل ریکۆر، لە چیەتی دیموکراسیا باسی لێوەئەکات. هەردەم داخوازیەکان مافن؛ مافی ژیانێکی باشتر، مامەڵەیەکی باشتر، دانپیانانێکی باشتر. لە پاشەلانی رووداوەکەی کەلار، دیاریدەیە سەریهەڵدا  دیاریدەیەکە کە تا رادەیەک هەست پێنەکراوە؛ بەلام لە هەندێ ناوەندی ئەکادیمی زانکۆکانی رۆژئاوا قسەی لە سەر ئەکرێ؛ ئەویش نا عەدالەتی لە رووی ئیپستیمەوە. مەبەست لەمە چیە؟ ئیپستیم ووشەیەکی کۆنی یونانی بە مانای مەعریفە دێت. کاتێک کەسێ یان لایەنێ وەها مامەڵەی لە گەلا ئەکرێ کە لە ئاستێکی وەهادا نیە بۆ ئەوەی هەڵگری جۆرێک لە مەعریفەبێت ئەوا ئەو کەسە یان ئەو لایەنە لە رووی ئیپستیمەوە نا عەدالەتی بەرامبەرکراوە. کەلاریەکان وەها قسەیان لەسەرکرا کە لە تواناناندا نەبووە رێپێوانێکی مەدەنیانە ببەن بەرێوە.

ووشە چەکی عەقڵە؛ عەقلێکیش بۆ ئەوەی ئامادەبێت گوێ لەئەویتر بگرێت، دەبێ لە موتڵەقگەرایی کەوتبێ. بەمانایە تر: دەبێ رێژەییانە دونیا لێکداتەوە، هەرچەندە بروای وەها بێت کە خۆی راستە بەلام بوار بەئەویترش بدا کە رەنگە لە هەمانکاتدا هەڵگری راستیبێت. بۆیە دیموکراسی مامەڵەکردنی ئەویترە وەک خۆت. دیموکراسی رەنگە جۆرو شێوازی زۆربێت، بەلام ئەوەی ئەمرۆ لە دونیادا بلاوە و بە تایبەت هێزێکی گەورەی وەک ئەمریکا دەیەوێ بیهێنێتە ناوچەکە؛ شێوازی لیبرالی دیموکراسیەتە. (ئەمریکیەکان لەوە ئەچێ وانەیان لە هەڵسوکەوتەکانیان رابووردویان وەرگرتبێ؛ لە پاش یانزەی سیپتەمبەر بۆش رایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە چەند دەیەیەک لە سیاسەتی سەرنەکەوتوو لە رۆژهەلاتی ناوەراست بێنین؛ بۆش دانی بەوەشدانا کە لە رابووردودا لە پێناوی کاتکرین لە گەڵ رژێمە دیکتاتۆرەکاندا هاوکاریان کردوە). ئەم دیموکراسیەتە، لە گەڵ ئازادی بازاردا هەردەم پێکەوەن. هەندێک بروایان وایە کاتێک خەڵک لە بازاردا دەگەرێن بۆ ئەوەی کالای باشترو گونجاوتر بەپێی تواناو ئارەزویان هەڵبژێرن، لە هەمانکاتدا فێردەبن بە هەمان شێوە لە گەڵ حیزب و ئایدەلۆژیا و رێکخراو وگروپە سیاسیەکاندا مامەڵەبکەن. لەروویەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئەم ئازادیە بێتەدی دەبێ حکومەت بچوک بێت. بەلام لە کوردوستان کە دەخوازرێ دیموکراسی پیادەبکرێ؛ کەچی حیزبوحکومەت لە هەموو شوێنێکن. دیموکراسی بەدیناییەت تا حیزبوحکومەت خۆیان بە خاوەن بزانن. بەڵکو ئەو ساتە بەدیدێت کە حکومەت ناوەندێکی رێکخەر بێت، لە نێوان خەڵک و لایەنەکانی ترا. کاتێک حیزبوحکومەت خۆیان خاوەنن ئیتر کێ داکۆکی لە خەڵک بکا ئەوەی روویدا پرسیاری لە سەر دیموکراسی دروستکرد لە هەردوو لاوە. لە لایەن خەڵکەوە تا چەند ئەتوانن و بروایان بەوە هەیە کە لەرێی دیموکراسیەوە بتوانن داواکانیان جێبەجێکەن. لە لایەن دەسەلاتیشەوە تا چەندێک بروای بەدیموکراسی هەیە وەک شێوازێک بۆ بەرێوبردن. ئەوەی لە هەموان ئاشکرایە قەیرانێک ئامادەیی هەیە. لە زمانی چینیدا بۆ قەیران و دەرفەت یەک ووشە هەیە. ئەم پێکەوە گرێدانە رێکەوت نیە؛ بەڵکو دەکرێ قەیران ببێتە دەرفەت بۆمان، بۆ ئەوەی بیربکەینەوە بە تێگەیشتنەکانمانا بچینەوە. وەک هۆڵدەرلین لە ساتەوەختی قەیراندا هەست بەبوونی خۆمان بکەین یان بیر لە چۆنێتی بوونی خۆمان بکەینەوە.

ئەوەی مایەی نیگەرانی بوو لە رووداوێکی وەهادا، مامەڵەکردنی میدیابوو، کە شێوازێکی ترە لە مامەڵەکردن لە گەڵ ووشەدا. میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە هەر خێرا لەوە کەوت کە ناوەندێک بێت بۆ گواستنەوەی زانیاری بەڵکو بوو بە ناوەندێ بۆ فۆرمکردنی تێگەیشتن و بیروڕای تایبەت. ئەم دیاریدەیە لە هەردوولاوە روویدا؛ میدیای دەسەڵات و میدیای دەرەوەی دەسەڵات. (زۆرینەی ئەوانەی رەخنەیانگرت چەپەکانبوون، کە لە راستیدا هیچ بەهایەکیان بۆ رەخنەگرتن نەهێشت. چونکە ئەوان خۆیان هەڵگری ئایدەلۆژیایەکن کە رەخنەگرانیان بە تەور مل لێئەکەنەوە، ترۆتسکی، لە لایەکی ترەوە دونیابینیەکانیان ئەوەندە رادیکاڵ و دوور لە واقیعن کە مایەی بەزەیی هاتنەوەن لە رووی هەژاری مەعریفیەوە). هەردوولا هەر خێرا خەمی ئەوەیان بوو چۆن رووداوەکە وەها بۆ خەڵکی بگێرنەوە کە لەگەڵ دونیابینی خۆیاندا بگونجێ. رەنگە ئەمە یەکێک بێت لە لایەنە خراپەکانی دیموکراسی کە راستی تیایا وونە. چونکە رەنگە حەقیقەت لە بەرژەوەندی کەس نەبێت، ئەو کاتە کەس خەمخۆری نابێت، بەڵکو هەموان، هەریەکەو بە رێگایی خۆی دژی ئەوەستێتەوە.

بەڵام لە رووداوەکەی کەلار ووشە نەیتوانی کێشەکان چارەسەرکات. دیموکراسی وەک ناوەندێک ئەوەندە لاوازبوو بەرگەی ئەوەی نەگرت بتوانێ کێشەیە چارەسەربکات. بۆیە لەبری گۆرینەوەی ووشە، هەر خێرا دۆخەکە گۆرا بۆ گۆرینەوەی مادە. ئەو ماددانەی بەکارهات بە پێی هەواڵەکان؛ بەرد و گوللەبوون. ئایا بەرد پێش گوللە کەوت یان گوللە پێش بەرد کەوت، ئەوە من ناتوانم ساغی بکەمەوە چونکە هیچ شایەتێکم نەبینیوە، میدیاکانیش جێگایی بروانین.

ئایا جێی سەرسورمانە خەڵک بکەونە بەرد فرێدان؟ بۆئەوەی وەڵامێکمان بۆ ئەو پرسیارە دەستکەوێ، دەبێ بیر لە ئامادەیی بەرد بکەینەوە لە ئاگایی ئێمەدا. مێژووی ئێمە بەشی زۆرینەی مێژووی گۆرینەوەی مەتریاڵەکانە، لە پێناوی ئازاردانی ئەویتر و خۆشمان، لە بری ئارگویمێنت. بەرد ئامادەییەکی تایبەتی هەیە لە میتۆلۆجیای ئیسلامدا. لە هەناوی ئیسلامدا بەرد دەبێتە مەتریالی نەفرەت لێکردن. لە وەرزی حەجدا حەججاجەکان بەرد لە شەیتان ئەگرن، بەردبارانکردن هەردەم پرۆسەیەک بووە بۆ نەفرەتکردن و لە ناوبردنی ئەویتر کاتێک لە روانگەی ئاینەوە گوناهباربووە. ئەم میتۆلۆژیایە زەمینەی خۆشکردوە بۆ ئەوەی بەرد هەردەم کەرەستەیەک بێت بۆ دەربرینی هەڵوێستێک. بەڵام بۆچی بەرد دێت بۆ ئەوەی ببێتە مەتریالێکی سیاسی، لە سیستەمێکا کە رێگا بە هەموان ئەدات بۆ ئەوەی بە ئازادی رای خۆیان دەربرن. بۆچی لەبری ووشە بەرد. ئایا بەرد سیمبوولە بۆئەوەی کە ووشە هیچ بایەخێکی نیە، گوێگری نیە، هیچ دەرئەنجامێکی نابێت؟ لێرەدا قەیرانێک سەرهەڵئەدا ئەویش قەیرانی؛ ئامادەنەبوونی خەڵکە لە پرۆسەی سیاسیدا. دیارە لە هیچ سیستەمێکی سیاسی لە گۆی زەویدا خەڵک بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئامادەییان نیە، بەڵکو ئامادەیی تەنها لە رێگای نوێنەرایەتیکردنەوەیە. ئەمە وائەکات کە خەڵک بۆئەوەی ئامادەییان هەبێت، دەبێ نوێنەریان هەبێت. ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا وونە. بۆیە دەکرێ بپرسێ ئایا ئەوانەی خۆپیشاندانیان سازدا نوێنەری کێ بوون، داواکاریەکانیان لە خزمەتی کێدابوو. لە لایەکی ترەوە لە جێگایەکدا کە حیزب لەبری حکومەت حاکمە؛ ئەوا خەڵک دەنگیان بگاتە شوێنە بریاردەرەکان ئەوا دەبێ هەوڵبدەن نوێنەرێکیان لە سەرکردایەتی حیزبەکاندا هەبێ. بەڵام حیزب لە رێی دیموکراسیەوە ئەندامانی خۆی دیاری ناکات، بۆیە کاتێک شارێک بێ نوێنەرن لە سەرکردایەتی حیزبدا، وەک کەلار، ئەوا کێشەکانیشیان رەنگە دواتر یان بەتەواوی پشتگوێ بخرێ.

بەڵام ناونانی سیستەمی بەرێوبردن لە وولاتی ئێمەدا بە دیمۆکراتی، تێنەگەشتنە لە چیەتی سیستەمی دیموکراتی. چونکە دیموکراسی تەنها بریتی نیە لە هەڵبژاردن یان هەبوونی پارتی سیاسی و رێکخراو، بەڵکو دیموکراسی سیستەمێکی ئاڵۆزە کە پێویستی بە ئامادەیی چەندین دەزگا و رێکخراوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ چالاک بێت. بەلای رۆبەرت داڵ-ەوە ئامادەیی شەش دەزگا پێویستە بۆئەوەی دیموکراسی وەک سیستەمێک دەستەبەربێت. یەک: کەسی هەڵبژێردراو، دوو: هەڵبژاردنێکی ئازادو یەکسان و دوبارەبووە سێ: ئازادی رادەربرین، چوار: هەبوونی سەرچاوەی جودا بۆ زانیاری، پێنج: رێکخراوەی سەربەخۆ، شەش: هاووڵاتیەکی هوشیار. هەرچەندە مەرج نیە هەموو دیموکراسیەک لە یەک کاتدا بتوانێ هەموو ئەم خاڵە بنەرەتیانە دەستەبەرکات، بەڵام بە ئامادەنەبونیان ئەوا ئەو سیستەمە لەرووی دیموکراسی بوونەوە ناتەواوی هەیە. لێرەدا ناونانی سیستەم بایەخێکی گرنگی هەیە. کاتێک ئێمە خۆمان ناوئەنێن دیموکراسی و مەرچەکانی دیمۆکراسیمان تیا ئامادەنیە؛ ئەوا ئێمە یان بە هەڵە لە دیمۆکراسی تێگەشتوین یان نامانەوێ دیمۆکراسی بین. بۆیە رەنگە لەرووی سیاسیەوە دروستتربێت بانگەشەی ئەوە بکەین کە خوازیاری دیموکراسین. ئەم بانگەشەیە بە هەماهەنگی ئەوەی کە ئێمە بروامان بە دیموکراسی هەیە. لە کانتەوە ئەوە فێربووین کە بروابونمانە بە چەمکێک وامان لێئەکات بۆ ئەوەی لێیتێبگەین، کاری پێبکەین. گەشتنمان بەو بروایە کە ئێمە هێشتا خاوەنی دیموکراسی نین بەڵکو خوازیاری دیموکراسین، یارمەتیمان ئەدا بۆ ئەوەی، ئامادەبین فێربین،

سنگمان بۆ ڕەخنە فراوان بێت، کراوە بین، نەوەستین لە دۆخێکا، هەردەم بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵهێنین. لە میدیاکانی دونیادا یان لەلایەن چەند دەوڵەت وڕێکخراوی دونیادا دیاریدەیەک هەیە کە بە زیانی پرۆسەی دیموکراتی شکاوەتەوە لە ووڵاتی ئێمەدا ئەویش؛ بە دیموکراسی سەیرکردنی کوردوستان. ئەمە لە کاتێکدا جێگەی شانازیە لە هەمانکاتدا زیانبەخشە. دیارە ناوزەدکردنی کورد بە دیموکراسی گۆرانێکی گەورەیە لە وێنای ئێمەدا لە دونیادا. زۆربەی زۆری دەقە کۆنەکان کە دەربارەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوسراون کوردیان بە کۆمەڵە خەڵکێکی دوور لە شارستانی ناساندوە. بەڵام ئەم وێنایە بۆ ئێمە وەک سەراب هەڵخەڵەتێنەرە. تێڕوانینی ئەوانی تر بۆ ئێمە لەو ڕوانگەیەوەیە کە ئێمە بەراورد ئەکەن بە نەتەوەو سیستەمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە، دیارە ئێمە لە چاو ئەواندا دیموکراتین، چونکە ئەوان دژ بە دیموکراتین.

ئەگەر یەکێک لە خاڵە بنەرەتیەکانی سیستەمی دیموکراتی هاوڵاتی هوشیارە ئەوا، مرۆڤی کورد لە گەڵ چەمکی بە هاوڵاتی بووندا نامویە. ئەو منالی کەلتورێکە کە هەردەم بەها خراپەکانی لێکردوە بە بەهای زێرین؛ بێدەنگبوون، ملکەچبوون، کویلەبوون، هەموویان چەمکی ئالۆزن و ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە لەقاڵبدانی کەسایەتی ئێمە. کەلتور و دەسەلات و ئاین بە ئێمە دەڵێت بێدەنگ بە. ئەم بێدەنگیەیە وەهائەکات کە ساتەوەختی ئازادبوونمان ساتەوەختی ئاژاوەیە.

ڕێپێوان یان خۆپێشاندان لە شوێنێکی وەک کەلار ئەگەر بهاتایە بەو پەری ئاشتیانەش بەرێوەبچوایە، نیشانەی قەیرانێکی گەورەیە لە شێوازی بەڕێوبردنی یەکێتیا. چونکە کەلار وەک پایتەختی گەرمیان، گەرمیانیش وەک لانکەی یەکێتی، هەردەم شارێک و جێگایەک بووە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێئەکرا لە جێگاکانی تر زیاتر ئارامی هەبێ لە گەڵ یەکێتیدا. لە سەردەمی ئەنفالدا ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی کە مابوونەوە، بەوپەری نهێنی، هێندەی ژمارەی پەنجەکانی دەستبوون، بەڵام لە گەرمیانبوون. من مێردمنداڵ بووم کە شەو بەدزیەوە خواردن و پێویستیمان بۆ ئەبردنە شوێنە دیاریکراوەکان. بۆیە بە ئاسانی یەکێتی ئەو توخمانەی تیایە کە ببێتە هێزی خەڵک لە ناوچەکەدا. بەڵام کاتێک خۆی دەخاتە خانەی بەرگریکردنەوە ئەوا ناوەندێک لە نێوان خۆی وەک هێزێک و خەڵکدا دروستئەکات. ئەم ناوەندە خاڵی جیابوونەوەیە. جیابوونەوە دابڕانە. لە سیستەمی دابڕاودا کەسی لە وێنەی ماری ئەنتوانێت دروست ئەبێت.

ئەگەر یەکێتی بڕوای بە دیموکراتی هەبێ ئەوا پێویستی بە ریفۆرمە. لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوە ببێتە ستراتیژی حیزب، چونکە حیزب کە دەبێتە دەوڵەت پڕ دەبێ لە خەڵکیک کە ئامانجیان بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیانە. لە کاتێکا کە مافیانە، بەڵام دەبێ حیزب هاوسەنگیەک دروستکات لەنێوان ئەو ستراتیژیەی کە دەبێ نەگۆڕبێت، وە بەرژەوەندی ئەندامەکانی.  ئەم بڕوایانە لە سیستەمی بەڕێوبردنی کۆمپانیای گەورەدا پێی دەڵێن (کۆر ڤالیو)، بریتیە لەو بڕوایانەی کە هەرچەندە بارودۆخ بگۆڕێ ئەوان گۆڕانیان بەسەرانایەت. لە لایەکی ترەوە دەبێ دەسەڵات هەوڵبدات بۆ دامەزراندنی دەزگاکان. دەزگایی پلان دانان، دارشتنی ستراتیژی،  لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەو جۆرەی کە لە ناوەندە سیاسیەکاندا بە ثنک تانک ناسراوە. لە ڕێیەوە ئاگاداربێت لە کۆمەڵگاو داخوازیەکانیان.  ئەمانە هەمویان ئاسان دەبێت لە ڕێگایی بەخشینی دەسەڵاتی ڕاستی بە پەرلەمان و حکومەت وە گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردن و دانانی ئەندام پەرلەمانان. وەک هەموو ووڵاتێکی دیمۆکراسی دەبێ ئەندام پەرلەمان نوێنەری ناوچەیەکی دیاریکراوبێت، وە لە ناوچەکەی خۆیدا جێگایەکی هەبێ کە خەڵکی بە ئاسانی بتوانن بیبینن و باسی کێشەکانیان بکەن.

لە کۆتاییدا بەڕێوبردنی حکومەت زانستە لەبەرزترین زانکۆکانی دونیادا  لە ڕێی کۆلیژی تایبەتەوە کادیری بۆ ئامادە دەکرێ، ناسراوترینیان، کۆلێژی بەڕێوبردنی حکومەتە لە زانکۆی هارڤەرد لە بۆستون، کە باشترین زانکۆیە لە دونیادا. من وەک خوێندکارێکی ئەو بوارە ئاگادارم لە چیەتی و چۆنێتی حکومەت و بەشەکانی. بۆیە زانکۆکانی کوردوستان دەبێ ببێتە جێگای پێگەیاندنی کادیری لێهاتوو بۆ ڕۆڵێکی وەها گرنگ.

ئەگەر بۆ ساتێک ووتەزاکەی کانت وەبیری خۆمان بهێنینەوە کە دەڵێ؛ شۆڕش بریتی نیە لەو دروشمانەی کە شۆڕشگێران هەڵیانگرتوە، بەڵکو بریتیە لەوەی چۆن خەڵک لێی تێئەگەن.